وەزیری دەرەوە بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی دیالۆگەکانی دەریای ناوەڕاست دەگاتە ئیتالیا

ئەمڕۆ چوارشەممە، فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی گفتووگۆکانی دەریای ناوەڕاست گەیشتە ئیتالیا.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتابیع کۆتووە، دەڵێت: فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، گەیشتە شاری ناپۆلی ئیتالیا بۆ بەشداریکردن لە بەشی ئاستی باڵای کۆبوونەوەی گفتووگۆکانی دەریای ناوەڕاست، کە لە 15 تا 17ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت.

وەزارەتەکە ئاماژەی بۆکرد: لە میانی کۆبوونەوەکەدا، وەزیر بەشداری لە ژمارەیەك دانیشتنی گفتوگۆدا دەکات کە باس لە پرسە سەرەکییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرژەوەندی هاوبەش دەکات، شانبەشانی هاوتاکانی و وەزیرانی دەرەوە و بەیاردەران و پسپۆران.

ئاشکراشیکرد: چاوەڕوان دەکرێت وەزیر زنجیرەیەك کۆبوونەوەی دووقۆڵی لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی باڵا ئەنجامبدات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەگاکانی بەرزکردنەوەی هاوکاریی دووڵایەنە و ئاوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بە پێشهاتەکانی ئێستای ناوچەکە و جیهان.